# چاودێر پێویستی بەچادێرییەکی وردە

عومەر کەریم بەرزنجی

لە دواژمارەی هەفتەنامەی چاودێردا هەڵەیەکی زەق بەرچاو دەکەوێت لە لاپەڕە یەکدا, هەڵەکەیش ئەوەیە کە لەنووسینی ناوی هەفتەنامەکەدا واتا(چاودێر) سێ نوقتەکەی(چ)ەکەو دوو نوقتەی (ێ)کە کراوە بە ئاڵای کوردستان,بەبینینی ئەم کارە بیرکردنەوەیەکی سەیر مێشکمی داگیر کرد, تۆ بڵێی ستافی چاودێر حسابی سفر بۆ ئاڵای کوردستان بکەن, یاخوود کاتێک باڵانسی ناسیۆنالیستییان بەرزە بۆچی بەوجۆرە ئاڵای کوردستانیان داناوە, لەوە خراپتر دەرنەچوونی خۆرەکەیە لەناو ئاڵاکەدا تەنها لە یەکێکیاندا نەبێت, ئەمەیش رەنگە بۆ هەڵەی نەخشەسازی و چاپ بگەڕێتەوە, بەبینینی ئەم دیمەنە, ئەوەم بەبیرداهات بڵێی ئەمانیش نەیانەوێت ئاڵای کوردستان بشێوێنن, وەک ئەو شێواندنەی ئاڵای کوردستان لەلایەن هەڤاڵانی کۆنگرەی گەلەوە ئەوان رەنگە سپییەکەی ناوەڕاستیان لابردووە, جانازانم ئەمە بەبڕیاری کۆنسەی سەرۆکایەتی کۆنگرەی گەل ئەو گۆڕانکارییە کراوە یان کەسانێک بەمەبەستی تر هەستاون بەو کارە.

لێرەدا جیاواز لە کێشەی ئاڵای کوردستان بەپێویستی دەزانم پرسیارێک لە بەرپرسانی حیزبی و حوکومی ئیدارەی سلێمانی بکەم لەمەڕ هەڵکردنی ئەوئاڵایەی عێراق, لە سنووری فەرمانڕەوایی ئەم ئیدارەیەدا ئایا بەچی پێوەرێک ئەو ئاڵایە بەئاڵای عێراق دادەنێن لەکاتێکدا ئاڵای رەسمی عێراق هەر ئەو ئاڵایەی سەردەمی فەرمانڕەوایی بەعسیزمەو نەگۆڕاوە, وەلێ لێرە الله اکبر ەکەی لێدەرهێنراوە, بەتایبەتی لە ئێستادا کە جەنابی مام(جلال) سەرۆک کۆماری عێراقە پێویستە یان ئاڵای رەسمی عێراق دابنرێت, یان ئەم ئاڵا نارەسمییە لاببرێت چونکە عێراق یەک عێراقەو دەبێت بەیداخەکەیشی یەک بەیداخ بێت, ئەگەرچی گومانم لە عێراقی بوونی خۆم هەیە, چوونکە عێراق پارچەیەکە لە ئومەی عەرەبی ئەگەرچی دەڵێن:-

عێراق پارچە ئەرزێکە کوردیشی زۆر تێدایە

ئێستا مامە سەرۆکەو پایتەختیش هەر بەغدایە

Umar_barznji@yahoo.com
07701399630
عومەر بەرزنجی